www.kurdistannet.org

بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 25-11-2006 7:37

## نەوشیروان مستەفا بۆ وای لە هاولاتی كرد؟؟؟ ... مام زۆراب

شاراوە نییە كە رۆژنامەی هاولاتی لە داهێنانەكانی نەوشێروان مستەفایە، وەك چۆن كوردستانپۆستیش یەكێكی ترە لە شاكارەكانی نەوشێروان!!.

نەوشێروان مستەفا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی كە بە راستی لە سیاسەت فەشەلێكی گەورەی هێنا، جارێك بە بەربەرەكانیكردنی شەهید ئارام و خەڵكە رووناكبیرەكانی ناو كۆمەڵە، وەكوو سالار عەزیزو مەلا بەختیارو حاجی مەمۆو پشكۆو مامۆستا جەعفەرو (مامۆستا جەعفەر كە ناوی فازیل كەریم بوو ئەوكات (ساڵی 1983) ئەندامی مەكتەبی سیاسی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان بوو نەیكردە نامەردی چیرۆكێكی زۆر جوانی لەسەر شەڕی پشتئاشان لە گۆڤاری بیری نوێ بە ناوی ( (سبەی زەماوەند دەگێڕین) ) بڵاوكردەوە كە باس لە هێرشی دڕندانەی یەكێتی بە سەركردایەتی نەوشێروان دەكات بۆ سەر حزبی شیوعی ولەوكاتەوە ئیتر مامۆستا جەعفەری مرۆڤ و رووناكبیر وازی لە كۆمەڵەو یەكێتی هێنا تا ئەم دواییە ئینجا هاتەوە ناو سەركردایەتی یەكێتی و، ئێستامەكتەبی هوشیاریو رووناكبیری بەڕێوە دەبات و زۆریش لە نەوشێروان رووناكبیرترو بە ویژدانترە) .... هتد، فەشەلێكی تری ئەو بەرێزە بە داخەوە نەیتوانی سوود لە هیچكام لەو هەڵە زەبەللاحانەی وەربگرێ ئەوەبوو سەركردایەتیكردنی شەڕی ناوەخۆی لە پشت ئاشان كرد!! كە دواتر چەندین چیرۆك و رۆمانی لێكەوتەوە، جارێكی تر بە هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان، جارێكی تر بە لەدەستدانی خودی كادیران و سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی، وەك بینیمان لەم یەك دوو مانگەی رابردوودا و لە كاتی هەڵبژاردنەكانی یەكێتی نیشتمانیدا چ گورزێكی گورچكبڕی بەركەوت، كە ناچار بوو هەمدیسان لە یەكێتی زویر بێت و!! لە ماڵەكەی خۆیدابنیشێ. ئەمانەو دەیان شكستی دیكەی نەوشێروان كە مێژوو لە ئایندە رەحمی پێناكات، وای لە نەوشێروان كرد بگەڕێ بە دوای كۆلانێك تا مەراقە كەڵەكەبووەكانی خۆی كەمێك خەفە بكات، ئەوەبوو پەنای بردۆتە بەر چەند شتێك:

1-سەرپەرشتیكردن و هاوكاریكردنی دارایی سایتی كوردستانپۆست. (كە هوموو كەسێك دەزانێت كوردستانپۆست چ دەورێكی شەرانگێزی دەبینیو لە هەموو تەمەنی ئەم سایتە قسەیەكی خێری بۆ كورد نەكردووە) .

2-دەركردنی رۆژنامەی هاولاتی، لە ژێر پەردەی رۆژنامەگەری ئازاد. (كە ئەویش دەیان جار لە ژێر رەحمەتی نەوشێروانا بەلانسەكەی خۆی لە دەست دەرچووەو كەوتۆتەتە ناو ئاقاری فیتنەگێرییەوە.

3-ئەو ناكۆیانەی كەوتنە نێو خودی رۆژنامەی هاولاتی كە بووە هۆی كەرتبوونیان، ئەوە بوو نەوشێروان قەبوولی نەبوو سەرنووسەر بە ئارەزووی خۆی هەڵنەسووڕێنێت بۆیە ناچار سەرنووسەرەكە جیا بووەوەو ئاوێنەی دەركرد.

4- ئێستا بە تەمایە بەناوی كردنەوەی مینبەر لە ناو یەكێتی نیشتمانی دا، دژایەتی یەكێتی نیشتمانی پێ بكات، بەتایبەتی لە بەرامبەر هەردوو گرووپی كۆسرەت و مام جەلال.

5- نەوشێروان ئێستا بە تەواوی هەرەسی هێناوە، ئەویش بەوەی لە كاتێكدا ئیعتیراف بە كۆسرەت ناكات و دەیان جار لە ناو تاقمەكەی خۆیدا كە دیارترینیان عومەری سەید عەلییە نەوشێروان وتوویەتی كۆسرەت نەخوێندەوارەو هی سەركردایەتی نییە، سەرباری ئەو نەخۆشییە كوشندەیەش كە تووشی كۆسرەت بووە، كەچی دەركەوت هێشتا كۆسرەت زۆر زۆر لە نەوشێروان جەماوەریترو خۆشەویستتریشە لەناو كادیرانی یەكێتی.

بۆیە ئێستا نەوشێروان بۆ ئەوەی کەمێك دۆخەکە ئاسایی بکاتەوە لە ناو یەکێتی داو بە کادیرانی یەکێتی بڵی ئەم جۆرە ململانێیانە هەر دەبن، نموونە سەقەتەکەیشی بە پارتی دەهێنێتەوە، کە گوایا دوای کاك مەسعود کێشە لە نێوان پارتی قووڵدەبێتەوە (کە وا نییە) بۆیە ئەز لێرەدا بە کورتی وەڵامی ئەو چەند دێڕە شەرانگێزو فیتنەگێرییەی هاولاتی دەدەمەوە، ئەگەریش وا نییە فەرموون با دیالۆگ بکەین، هەرچەندە ئەوەش باش دەزانم زمانی نەوشێروان زمانی دیالۆگ نەبووەو ناشبێ.

چونکە هەمووەمان دەزانین بەداخەوە زمانی ئەو بەڕێزە زمانی کوشتنی ئافرەتانی شۆرشگێری بناریچیای قەندیل بوو، کە تەرمە سپییەکانیان تێکەڵ بە بەفری بەهارێ کران و دواتر بوون بە هەڵم (ئاخر ئەمرۆش نەبێ سبەی مێژوو جوان جوان دەیکاتە کتێبێك و پێشکەش بە نەوەی سبەینیی دەکات، ئیتر بۆ کوێ دەڕۆی ئەی.... !!!)

ئینجا با باسی ئەوە بکەین ئەم وتارە بۆ لەم کاتەداو؟؟ بەم ناوەڕۆکە قێزەونەوە یانی چی؟؟

1- دیارە سەرۆك مەسعود بارزانی (خوا تەمەنی بۆ کورد هەر درێژ بکات)، هێشتا گەنجەو (دوای 40ساڵی تریش) دەتوانی زۆر بە دیقەتەوە کاری پارتی دیموکراتی کوردستان و کاری سەرۆکایەتی کوردستان بەڕێوە ببات، هەموو کوردێکی تێگەیشتووش ئەوە باش دەزانێ ئەگەر سەرۆك بارزانی نەبوایە، گرفتەکانی نێوان یەکێتی و پارتی ئاوا بە سانایی سارێژ نەدەبوون، ئەو زاتە سەرۆکی کوردستانیش نەبوایە ئەو قورسایی و ئەو عەدالەتەی کە ئێستا هەیە نەدەبوو، ئاخر عەدالەت و بەخشندەیی لەوە زیاتر دەبێ چی بێ کە سەرکردایەتی یەکێتی بۆ هەندێ گرێکوێرەی ناوخۆیان پەنا بۆ بەر سەرۆك بارزانی ببەن تا گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات، نموونەش زۆرە کە سەرۆك بارزانی چارەسەری کردوون. ئاخر لەبەرئەوەیە ئیمرۆ هەمووەمان پێویستیمان بە سەرۆك بارزانی هەیە.

2- باشتر وایە نەوشێروان واز لەم خووە بهێنێت، هەوڵبدات بۆ خۆی وا رانەگەیەنێت کە دژی هەردوو گرووپی مام جەلال (گرووپەکەیەی مام جەلالیش زۆرە هەر لە بەرهەم سالح و فوئاد مەعسومەوە تا دەگاتە مەلابەختیارو جوندیانیوئەرسەلان وسەعدی پیرەو.. هتد) و، دژی گرووپەکەی کۆسرەتە (گرووپی کۆسرەتیش لە سەرکردایەتی تۆزێك لە خوار هی مام جەلالەو لە بنکردایەتیش لە هی مام جەلال زیاترە، بە واتایەکی تر هی کۆسرەت لە وەزیرو بەڕێوەبەری گشتیو کارگێر مەڵبەندو کۆمیتەو فەرماندەکانی عەسکەری کۆ بۆتەوە) باشترە نەوشێروان نەبێتە سەری تەکەتول، بەڵکو کار بۆ یەکێتی بکات و دژایەتی هیچ لایەن و گرووپێکیش نەکات، ئاخر دوای ئەم هەموو ساڵە پەندو عیبرەتێکی وەرنەگرت لەوەی بە تەکەتول و دژایەتیکردن نەك هیچ بە هیچ ناکات بەڵکو زۆرترین زیانی پێ دەگەیەنێ وەك پێی گەیاند.

3- چیتر خۆی زویر نەکات وچاوەڕوان بێ دوایی مام جەلال بچێ بیهێنێتەوە، ئاخر دوای مام جەلال کەس دەستی ناگرێت بە تکاو رەجا بیهێنێتەوە. تکاو منەت لە فەرهەنگی سیاسەتدا شوێنی نییە. لە خەبات و تێکۆشاندانیشدا زویربوون کوا هەس؟؟ئەمە مانای ئەوەیە هەر لە بنەڕەتدا کەسێکی تێکۆشەر نەبوویت.

4- پارتی بۆ خۆی هیچ گرفتێکی نییە، ئەوە پارتییە سەرۆکی حکومەتە، ئەوە پارتییە سەرۆکی کوردستانە، ئەوە پارتییە لە سیاسەتی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتیدا لە هاوکێشەکاندا قورسایی خۆیو قسەی خۆی هەیەو... هەموو ئەو تەبابییەی نێو پارتی بە هۆی حیکمەتی سەرۆك بارزانییە، ئەم حیکمەتەیشی وەها رەنگرێژکردووە، بە شێوەیەك وەك گۆران ی شاعیر دەڵێت (ئەشچێتە هەوێنی کوڕو کوڕەزا... تا تاقە کورد مابێ لە چیای بەرزا)

5- کاتێك نەوشێروان مستەفا لە رێگای هاولاتی _کە هی خۆیەتی_ باسی ناکۆکیەکەی ناو پارتی دەکات، خۆ دەبێت مێژووی 60 ساڵەی پارتی لەبەرچاو بێت، کە لە ماوەی ئەو (60) ساڵەیدا بەسەر

دەیان بگرە سەدان هەورازو نشێودا گوزەری کردووە، بەڵام قەت رۆژێك لە رۆژان گرفتەکان ئەوەندە قووڵنەبوونەتەوە کە زیان بە پارتی و بنەماڵەی بارزانی بگەیەنێت، باشترین و زەقترین نموونەش سەردەمی قیادە موئەقەتە بوو، کە کورد بە گشتی لەو پەڕی نائومێدیدا بوو، کە مەسعود بارزانی لە کۆنگرەو بە هەڵبژاردن کرا بە سەرۆکی پارتی، بەڵام حیکمەتی شەهید ئیدریس بارزانی وەك ئەوە وابوو کە خۆی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرابێ وابوو، تەنانەت براییو تەبایی زیاتر لە نێویاندا قووڵبووەوە، بێگومان بە هەڵبژاردنیش بوو نەك بە دانان و راسپاردن، ئاخر لە نەوشێروان و هاوڵاتی دەپرسم کە مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا کەی مەلا مستەفا هیچ راسپاردەیەکی هەبوو، باشە فەرموو کوا ئەو بەڵگەنامەیەی کە بارزانی نەمر راسپاردەی پارتی کردبێ کە تەنها مەسعود بارزانی هەڵبژێرن بۆ سەرۆکایەتی، ئەوە جگە لەوەی لە پشت ئەو نووسینەی هاوڵاتی چەندین مەرامی گڵاو و فیتنەگێڕیی خۆیان مات کردووە، هاوکات شێواندنی مێژووشە. سەردەمی ئێستاش سەردەمی یەکگرتن و یەکێتیو هاوکاری نێوان حزبە سیاسیەکانە، نەك تانەو تەشەری بێ سەرو پێ.

6- بابەتێکی ئاوا ورووژێنەر، چۆن دەبێت بە ناوی (چاودێرێك) بڵاوبکرێتەوە، خۆ سەردەمی شەڕی سارد نییە براکەم، بەتایبەتی کە داوای دیالۆگت کردووە لەسەر ئەم پرسە نابەرپرسە، ئەمە چ جۆرە دیالۆگێکە، دیالۆگ شەفافییەت و ئاشکراگۆیی پێویستە، سەرباری ئەمەش بە ناوی هاوڵاتی قسەی کردووە، ئەگەر ئەمە هەڵوێستی هاوڵاتی نیە، نە رێگای دەدا بە ناوی ئەوەوە قسە بکرێ، نە ئاوا ریکلامیشی بۆ ئەو وتارە دەکرد لە لاپەڕەی یەکەمیدا، دیارە دەردەکە لە کوێیە.

7- قسە زۆرە ئەگەر بیڵێین، وەلی تەنها ئەوەندە دەڵێین، کاك نەوشێروان گیان کەمێك خەم لە حاڵی پڕ شپرزەیی خۆت بخۆ، چیت داوە لە گرفت نانەوە بۆ خەڵکی، جارێ دەردەکانی خۆت کەمێك تیمار بکە کە تازە وای لی نەهاتووە بتوانرێ تیمار بکرێت.